# لەم نزیکییەدا

زەینەب یووسفی

# لەم نزیکییەدا

کۆمەڵە شیعر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

زەینەب یووسفی
لەم نزیکییەدا – کۆمەڵە شیعر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٤٦
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥٩ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ڕۆشنا ڕەشاد
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژێنك:

ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-487-06-5

## ژن مرۆڤێکی پڕ لە فڕینە

دەگات ئەو ڕۆژە
ڕۆژێك کە من
دەگەمە گۆڕەپانی فڕین.

ئێستا کەماسییێکم و
دوورم لە زەریا و بێزووم بە ئاسمانە.

زەریا هیچ
زەوین نەمان.

ڕۆژێك منداڵێكی بچكۆلانە
زۆر
زۆر بچكۆلانە
دەدۆزمەوە.

من حەزم لە فڕینی زەرد و سوورە.
زەریا شین نییە
بڕوا ناكەی؟

من بەچەقۆیێ
یەکێك
لە چاوەکانم دەردێنم.

مەلا بانگ دانە
کێ خەریکی گوناحکارییە
چاوت چەندە لێڵە.
منداڵێك بە پەلە
لە دوورەوە
تێ دەپەڕێت.

بە زەڕەبینێك
ئەگەر
لە خاکی زەوین ورد بێتەوە
قەت ڕەنگێك نابینی
جگە لە ڕەنگی خاك.

کەس بزە ناخاتە سەر لێوەکانی بە بۆنەی تۆوەوە
سوودێکی نییە
ئیدی مردوویت.

خۆم گۆڕی تۆم هەڵکەندووە.
کانگای ڕەنگە ئاسمان
بڕوا بکە.

تۆ
چۆن دەتوانی بەو چاوە لێڵەوە؟

نا
نا
بە کەڵك نایێت
بە کەڵك نایێت.

بەمنداڵە بچکۆلانەکە دەڵێم:

وەرە

وەرە و

بەردم لێی تووڕ دە و

تۆزێك خۆڵپانی خوێنم کە

وەرەەەەەە

مەگەر نازانی خۆم شیاوی ئەو بەردانە دەزانم کە لە منی تووڕ دەدەیت؟

چاوت برینی تیٚ کەوتووە.
هاوماڵەکانت بانگ بکە و شەقم تیٚدا هەڵدەن.
بریندار بوویتە.

لە ئاکامدا
دڵت بوٚم بسووتیٚت
و
بیهیٚنە پیٚنووسی بیٚگوٚناحیت.

کانگای ڕەنگە ئاسمان.
زەریا بێ ڕەنگە.
ئەم پێنووسەی تۆۆۆۆۆۆۆۆۆ.........
قەت سەرخۆش نابم بەتامی زەریا

پێی دەڵێم: پێنووسەکەت بێنا
و
من
تەنیا جۆتێکی باڵم پێویستە.

لە ئاسماندا جادە نییە،
تەنیا پیرەژنێك هەیە لە تەمەنیدا پلی لە تەشی نەداوە.
تۆ بەو بێگۆناحییە.

ئاو، خاك.
دەمێکە چارەنووست لە گۆڕاندا بووە.

منداڵەکان چاك نەققاشی دەکەن.
وەرە پێنووسەکەت بێنا.
مەلا بانگدانە.
پیرەژنێك قەت هەوڵی نەداوە پلێك لە تەشی بدات.

تێکەڵ بە دڵسووتاندنە خەمگینەکەت
لەسەر لاپەڕەی
منداڵیەتیت
جۆتێ باڵم بدەرێ.

ژنێك چاوی لە ئاسمان بووە
بەردەوام.
زەریا تامی هیچی نەداوە.

ئاخۆ خوداش لە کاتی نەققاشیکردنی باڵەکاندا
دڵی بۆ کێ سووتا بێت؟

تۆ خۆت ژنێك بوویت
بەڵام من نەمبینی بەچاو
باڵەكانت.
هیچ كات حەزم لە تامی زەریا نەبووە.

بانگ دەدات و خەڵك كۆ دەكاتەوە.
دوو كەس جووت دەبن.

بانگ دەدات
ئای ی ی ی
چەند قێزەونی کردووە لەپێش چاوانمانەوە.

ئاسمانم دەوێت
بەو باڵانە کە تۆ بۆ منت نەققاشی کرد
یەکێکیان زەرد و
ئەوی تریان زەرد.

من گەلێك حەزم لە ڕەنگی سوورە
لە گۆڕەپانی ئاسمانی
ئەو ژنانە
کە بوونەتە باڵداری ئاسمانێکی پڕ لە:
گێزەر و تەماتە و خوێنی کەر و شیری مانگای بەستزمان و پیرەژنی بێ تەشی و جووتبوونی دوو کەس و نەخۆشیی باڵندە و پێنووسێکی پڕ لە نەققاشی و جەماوەری بێبایەخ و پیاوێك کە بەردەوام بەرد تووڕ دەدات و بەنزینێکی بێتام و ژنێك کە هەوڵ دەدات خۆی لە چارشێوەکەیدا بشارێتەوە.

## پیاسە

بیرم نایێ
کەی ناوەکەت
کەوتە نێوان
ئاوێنەی زارمەوە.

شەق نابات
ئاوێنەی ناوی تۆ
کاتێك
زارم وشك هەڵدەگەڕێتەوە.

لە ئێوارەی شەقامێکدا
ژنێك
جانتاییێکی پێیە
پڕاوپڕە لە وەهمێکی سپی و
دەیبات لەگەڵ خۆ
بەئەستەم.

لە جێی دوگمەکانی مانتۆکەشی
تەنانەت
تەنیایی
چۆڕە دەکات.

بیرم نایێ، کێ بوو گوتی:
″ترس، واتە ڕەش، ڕەش، ڕەش، ڕڕڕڕڕڕڕڕڕرەەەەەەەەەەش ش ش ش″

ئەوە کە چۆڕەی دەکرد
دڵۆپ
دڵۆپ
گۆمی دەبەست لەسەر جادەی
شەقام
سپی بوو.

## سپی

ژنێك
پیاسە دەكات
هەموو ئێوارانێك
لەگەڵ ترسێكی پڕ لە جانتا.

لە بیرت نییە
كەی سیسركە سپییەكان
سەرتاپای ژنیان ئاخنی
گوێت لە دەنگی سپیی ئەو سیسركانەیە
كە چی دەڵێن؟

تەنانەت نازانی کێ بوو گوتی:
″ئەو شوورایە کە سەری لە کوڵمی شەو دەسوا، سپی بوو.″

سەرم هەموو شەوێك دەشکێت
بیرم نییە کێ گوتی:
″سەرت شوێنی ساغی پێیەوە نەماوە″
بیرتە
کێ
ڕەنگی سپیی بڕیبووە قەد و باڵاتەوە؟

هەموو شەوێك لە كاتی پیاسەكانمدا
سەرم دەشكێت.
سەیر
سەیر
تەنانەت بیرم نایێ كێ
ئەو شوورایەی دروست كرد.
بیرم  سپییە سپی.

لە بیرم نییە لە کەیەوە ویستت
بەهێواشی
بەدزییەوە
بەچەقۆی چپەکانت
بە زمزمە پەمەییەکانت
ئەو جانتایە
کون کەیت.

کوڕێك تۆپـان دەكات
خەڵك ڕادەبوورن
تـاڵ
تـاڵ
جـانـتـات كون كرد.

شـەقـام ون دەكـەم
بیرم هێشتـا نـەهـاتـووەتـە سـەر خـۆی
هێشتـاكـە جـانـتـا لـە تـەقـینـەوەدایـە و بیریشم سپییـە.

هەموو شەوێك

لە بیرم نامێنێت

شوێنی ئەم شوورایە کە سەری لەسەر کوڵمی شەودایە

سەرم

ددددددد ههههه ش ش ش ش ش ك ك ك ك ك ك  ێ ێ ێ ێ ێ  ت ت  ت ت

دەشكێت

دەشكێت.

تەنیایەکان چۆڕە دەکەن
گۆم دەبەستن
شەپۆل دەدەن.

ئەوە کێیە دەڵێت:
″بەختەوەری واتە سپی؟″
تکایە
ئاوێنەیێك لە گەمژەیی دروست بکەن و
لە زاری دابنێن و
لەسەری بنووسن.................
(هەر نێوێکی تێکەڵ بەگەمژەیی کە تۆی خوێنەر حەزت لێیە.)

تەنیایەکان واز ناهێنن
لە کونەکانی جانتای ژنەوە
دەچۆڕێنە سەر جادەی شەقامدا
تاڵ
بێ ڕەحم
پووچەڵکەر
سامناک
گێژاوێکی سپی پێك دێنن
گێژاو
هەڵدەلووشێنێت
ئەوانە کە لە تێپەڕیندان.

نازانم
نا
نازانم کەی گوتت
″ئەگەر پیاو بم ئەو ترسەت دەشکێنم″

هەموو شەوێك
سەرم دەشكێت و زامێكی سپی
لێی چۆڕە دەكات.

ژنێك
لە ئێوارەی شەقامدا
ئارام
ئەهوەن
نەرم

لەسەر تەرمی خنکاوی مرۆڤەکان
تێ دەپەڕێت
بەدزییەوە
چەترێك هەڵدەکات
بەرەو نێوان دار و شوورا
هەڵدەفڕێت.

خۆتیش نازانیت بۆ درەنگ هاتی
نا
نازانیت کە چ یاسایێك بوو
کە بەم جۆرە دڵڕەق و خەمگین
خێرا
ئاوێنەی ناوێکی خۆشی پێت شکاند.

بۆ درەنگ هاتی
پەلەوەرێك ئالوودە بەڕەنگی سپی
ناحەز و نالەبار
خوێندی..............................
( هەر نێوێکی ناحەز کە تۆی خوێنەر حەزت لێیە)

بۆ درەنگ هـاتی
ژنێك
بـە چەترێکی گوڵ گوڵییەوە
لەسەر لقی دارێکەوە
لـە چاوەڕوانی چیدایە.

سپی خوێندی: هـەموو..... شەوێك........ سەرم...... دەشکێت
و
زامێکی...... سپی..... لـە تـەوێڵم...... دەنـەخشێندرێت.

گۆمەکان تەرمەکان دەخەنە ڕوو
ژنێك چەترێکی گوڵ گوڵی هەڵکردووە و لە ئاسمانی شەقامدا
لە فڕیندایە.

تۆ
هەر نازانیت
بڕوا بکە بیرت نییە
لە کەیەوە ئەم فڕینە
دەستی پێ کرد
لە نێوان شوورا و
لقی بەرزی دارێکی هەرە مەزندا.

## ماسی و من

ماسییێك
ئاوێنە لە دەس
لە دووی مندا دەگەڕێت
بەڵكو
شیبا و تریفە و شەوی بۆ تۆمار بكەم

بەستزمانەكان
چەندە لە ماسی دەكەن

تۆ
چەندە لە قەراخ دەكەیت

شەپۆلەکان
پڕن لە چاوی من
چی هەوڵ دەدەن
ناگەنە زەریا

ماسییەکان و
لمەکانی قەراخ
هەموو ڕۆژێك سەدان جار
دەخنکێن و زیندوو دەبنەوە

زەریا
لە بازنەی من و خۆیدا
سەری لێ دەشێوێت
نازانێ لە شەپۆلە ونبووەکانی بگەڕێت
یان لە دەستەکانی تۆ کە پڕن لە لم و خنکان

ماسییێک ئاوێنە لە دەس
دەمدۆزێتەوە
ڕووی لە منە و
پشتی لە خۆر کردووە

زەریـا شێت بووە و
لـە هیـچ دەگـەڕێت

من
پشت لـە زەریـا دەکـەم و
گوێ لـە هـاوارەکانی نـادەم
لم و قـەراخ و سووتـان و تۆ
لـە مـاسییـە ئـاوێنـە لـە دەسـەکـە
دەسڕێمـەوە.

## لە ئەم نزیکییەدا

دەڕۆم.
کەوتیتە چاڵاوێکەوە.
بەڵکو دایکم پەخش و پەرێشان.

بەنیازی جووتێك باڵم.
لێوانلێوی لە شەقام.

باڵەکانم سپین وەکو ترس.
وەکو تامەزرۆت لێ هاتووە.
بەنیازم یەك چرکە لەسەر باڵەکانم دابنیشم.

کەوەنتەری جلەکان پڕن لە ڕۆیشتن.
بەنیازی فرمێسک خواردنم.

ئەوە دەرگایە،
مستێ مانگ توڕ دەدرێتە مێشکمەوە.

تەکسییەکە زەردەییی گرتووە.
تۆ لە کوێیت؟
نینۆکی قامکەکانم بەردەوام.......

ئـا ی ی ی
ئـەم کلیلە بۆ لە پڕ مرد؟

زامێك هـەڵفڕییە سەر کوڵمی چەپم
بـەنزینـەکە پڕاوپڕە لـە من و مـاشینـەکەم.
تۆ پڕی لـە هـەور و
من دەبـارێم وەکو سپی.

## خۆزگە

ئاوێنە لە چەشنی
دنیاییێکی ئەفسووناوییە
کە هیچ کات هەنگاوەکانت ناگەنە ئەوێ.

بریا
لە ئاوێنەدا دەژیام
چاوەکانم
ئاوێنەیی دەیانڕوانی
پرچەکانم
لەسەر ڕووبارە ئاوێنەیەکاندا پەخش و پەرێشان دەکران

دەستەکانم
لە کاری خستنەوەی ماڵێکی ئاوێنەیدا بەکار دەبوون
فرمێسکەکانم  سەرگەردانی سەر کانیاوە ئاوێنەیەکان
نەیاندەتوانی لە هیچ شوێنێکدا بتوێنەوە
پێکەنینەکانم پەنگیان دەخواردەوە و بەرەو زاری خۆم دەگەڕانەوە
دڵم
دڵیشم هەموو ڕۆژێك
هەزاران جار
لەسەر دەرگای ئاوێنەدا
دەکوترا و تۆ
دەرگای  ئاوێنەت ئاوەڵا نەدەکرد.

## ڕەهەندێك لە با

من دەتوانم لە "با"
لەو "با"یە کە
لەدەلاقەیێك هورووژم دێنێتە ژوورێکەوە
لە ناخی ئەو "با"یە کە سەرشێتانە
پرچەکانی ژنێکی تەماوی ئاڵۆز دەکات
دەقاودەق لە ناخی ئەو "با"یە
لە خودی، خودی ئەو "با"یە
ڕەهەندێك دروست بکەم.

بڕوا ناکەیت؟

نـاااااااااااااااا؟

ئەههاااا

سەیر ، سەیر

ئێستاکە پیشانت دەدەم

سەیر ، سەیر

"با"
له پەنجەرەی بەرزی ژووری ژنێکی
پرچ ئاڵۆزەوە هاژەی دێت و
من
دەستم دەخەمە نێو دڵی "با" کەوە و
زۆر ئاسان و خێرا
پێك دێنم
رەهەندێکی تر.

لەو ڕەهەندەدا
من
دەسبە ئاوێکی پڕ لە.....و بۆنی پیس
دەخوڵقێنم.

قەت
قەت بۆڕی ئـاوی
بۆ دانـانێم
قەت
قەت دەلاقەی بۆ دروست نـاکەم
بـا کـارەبـای نـەبێت
بـا پڕ
پڕ بێت لـه جرِ و جـانـەوەر
بـا بۆنی ئەو.... و چەپەڵیا نه له ئـامێزی "بـا"دا
بڵاو ببنـەوە.

با درۆزنەکان
نەخۆش بخات.

با ڕەنگە ناشیرینەکان
نەخۆش بخات.

با مۆسیقای شپرز
نەخۆش بخات.

با قوڕگی پیاوێك كه
بەردەوام خەیانەت دەكات
نەخۆش بخات.

با پشیلەیێكی دز
نەخۆش بخات.

با ژنێكی..........
نەخۆش بخات.

من
ئەو ئاودەسە
دروست دەکەم.

با ماشین
خانوو
سەگ
پەلەوە
نەخۆش بخات.

با گێزەر
شووتی
تەماتە
هێلکە
نەخۆش بخات.

با دەستەکان
دەنگەکان
پیلانەکان
نەخشەکان
نەخۆش بخات.

با شەربەت
دوندۆرمە
دارتەلەکان
تەلە دڕکاوییەکان
نەخۆش بخات.

با سنوورەکان
ئای ی ی ی
سنوورەکان
نەخۆش بخات.

با کۆمپیوتەرەکەم و دایکم
نەخۆش بخات.

با ڕۆنی سەر پلاوەکەی باوکم
کە هەموو ڕۆژێك
لە گۆڕەکەیەوە
بۆ منی دەنێرێت
نەخۆش بخات.

من

ئەو ئاودەسە دروست دەکەم

ئینجا

بە ئەم دەستانەم

بە ئەم دەستە پیسانەم

ڕوومەتی خۆم  و لای دەمم

کونەکانی کەپۆمیش

جوان

 جوان دەخورێنم و

سەرلەنوێ

خەریکی گیان بەخشین بە ئەو ئاودەسە دەبم.

پاشان
دەیدەمە باوەشی ″با″ کەوە.

″با″
ئاورِ دەدات و واز لە پرچی ئاڵۆزی ژنە دێنێت و
لە ئان و ساتێکدا
بۆن
بۆنی ئاودەسێکی گشتی
دنیا پڕ دەکات
منیش
پرچم کۆ دەکەمەوەو
دەڕۆم و
دەخەوم.

## نهێنییەكانی ژنێكی زەوینی و ئاسمانی تەفرە

ئاسمانێك تەفرە و فریویان هەڵدابووە سەر مەزرای ژیانمەوە
مانگێكیان دیل كردبووە ناخی ئاسمانەكە و
ناویان لێ نابوو تۆ

چەندە دەترسام لەو مانگە
هەزاران ساڵ كڕنۆشم بۆی دەبرد
ئای ی ی ی

لە وێنەی دایەم و داگەورەم
کە بەردەوام چاوەڕێی هەڵاتنی مانگ بوون.

جگە لە مانگ
هەڵنەواسرابوو نە هیچ ئەستێرەیێکی دیکەوە
دەست و چاویان جگە لە تریفە مانگ لە هیچ
ئاسمانێکدا نەشۆردبووەوە.

نالەکانی عەشق و شەهوەتیان
ئەستێرەیێکی نامۆیان نەختبووە داو
هەر ئەوە نەبێت مانگی کوێر و کەڕیان لە ئاوی کانییەکانی خەوەندا
لەراندبووەو ئیدی هیچ.

کە خۆم بینی لە ئاوێنەی چاوەکانی خۆمدا
خێرا
بۆم دەرکەوت
کە مانگ
کۆتەڵێکە و دێ نامترسێنێت.

که بۆنم بەخۆر و ڕۆژەوە کرد
تێ گەیشتم
هەرکە بگاتە مانگ
دەمرێت.

که گوێم بۆ مۆسیقا و گۆرانی هەڵخست
زانیم
راستیشە کە دەڵێن
لە مانگدا هەوا نییە و دەنگ ناڕوات.

لەبن گوێی عاشقەکەت ئەگەریش بقیژێنیت
قەت
قەت
نابیسێت
ئەگەر لە مانگدا ببن.

کە تامی ماچم کرد
تێ گەیشتم
هیچ ئامێزێك ناگاتە ئامێزێکی تر
ئەگەر لە مانگدا ببن.

کەس ناتوانێت
جێژوانێکی هەبێت
ئەگەر لە مانگدا بێت.

لە کاتی خۆخەملاندندا
ڕەنگێك نادۆزیتەوە
تاکو
کوڵم و لێوتی پێ سوور بکەیت
تاکو
عاشقەکەت حەزی لێی بێت
ئەگەر لە مانگدا ببن.

لە مانگ
نە خۆر هەیە نە ماچ.
هیچ کات نەبووە.

دایەم و داگەورەم
لەژێر ئاسمانی تەفرە و فریودا ژیان
تا کاتی مردن
تامی خۆر و مانگ و سەهۆڵیان
لێك نەکردووە

لە ئامێزی چپەی عەشقدا بوو
کە تێ گەیشتم
مانگ
تەنیا بەردێکە و لەبەر ئەوە نەناسرێت خۆی لە ئاسمانی فریودا دیل کردووە
ڕەنگە
ڕۆژێکیش لە زەوین بدات و
بمانکوژێت.

که لە نیگایێکی خۆش و داخدا ڕامام
زانیم کە دەتوانم
داوێنی ئاسمانی تەفرە هەڵدڕێنم.

کە سەیری چۆم و ڕووبار و کانیاوم کرد بەئازادی
تێ گەیشتم
من لە مانگ جوانترم.
من لە مانگ زیندووترم
ورشەکانی منە کە زەوینی
لەشی عەشق
زێوین دەکات.

ئێستا من خۆم بوومەتە شتێك نوێتر لە مانگ
لە ئاسمانێکی بەریندا
نزیك لە زەوین
ورشەم دێ.

تەنیا لەوە دەترسێم
نەکا
ڕۆژێك بگات
تۆش

من
بە بەردێکی
سامناك بزانیت و
لە مندا
تامی
خۆر و
سەهۆڵ و
ماچ
لێك نەکەیتەوە.

## کێ ڕابردووی لە مندا کوشت؟

من دەستی خۆم دەگرم و
خۆم بەرەو گۆمێکی سەرسووڕهێنەر دەبەم .

گۆم
چ گۆمێکی
پڕ لە تاپۆەکرمۆڵ و سوورەکان
وا دەکەم کە تەنیا
تەنیا بیری ئەو زمزمەیە بمپارێزێت.

ئیدی
وا دەکەم کە لە ئەو گۆمەدا
بەتەنیای تەنیا
تۆ ببینم

چ سامناک ″ تۆ″ییێکی هەزار چاو،
هەزار ڕەنگ
هەزاران
هەزار دەست.

بۆ ڕابردووت لە مندا کوشت
بێ بەهرە بووبووم لە ئەو زمزمە بچکۆلانە.

ئیدی چاوم هەڵنایێت
ژنێك ببینم کە بۆ دەربازکردنی خۆ
بەرەو دەشتێك هەڵدێت.

چاوم تەنیا لە ئەم گۆمەیە و
جگە لە تاپۆییێکی یەك چاو
شتێکی تر نابینم.

لە پڕ
پرچەکانم سپی دەکەم و
تۆ
شپرزە دەبیت.

گۆمەکە هەڵدەلووشێم و
شوێنت لێی کاول دەکەم.
یادی زمزمەکە دەمپارێزێت و
بەتەنیای تەنیا
لە دەشتی خوڵەمێشیدا
دەمێنمەوە
لەگەڵ زمزمەیێکی بچکۆلانەدا.
بەرانبەر بەتۆ.

## باوکم، ئێستاش هەموو شتێك لە وێنەی پێشتر دەبینێت

کوڕە
ئیدی پرسیار ناکەم
بۆ مانگ بەتاك ماوەتەوە
بۆ بێ هاوتایە و زێوین ماوەتەوە.

باوکم لە گۆڕەکەی هەستایەوە
ناپرسم
بۆ کاکە شانەکان لە ڕەنگی قاوە ناکەن و شیری ڕەنگن

باوکم
هێشتاکە
حەزی لێیە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ
تەنانەت
بەکفنە سپییەکەیشییەوە.
ماڵمان کاول کرا.

پێم خۆش نییە پرسیار بکەم و
من چووزانمیش بۆ ئەم خۆرە پەمەیی نییە و لە بنێشت دروس نبووە؟

باوکم
وەکو جاران لە بازنەییێکی تەماویدا
هەنگاو هەڵناگرێت و
نایەوێت بگاتە ئەوپەڕی خەونەکانیەوە.

پێم وایە
لە ڕابردوودا

مانگ
هاوتا ڕەنگی هەبووە.

ماڵمان کاول کرا.
باوکم لە خولیاییێکی بەستزماندا
بەردەوام
لە گۆڕەکەی دێتە دەرێ
لە کفنێکی پرتوکیاگدا
دەگاتە بەردەرگای خەونەکانی
بەڵام خۆی ناکاتە ئەو دەرگایەوە.

هێشتا هەر چاوی
لە شوورای ماڵەکەمانە
کە
ئەستوور و بەرز............

تۆ بزانیت
کەی و چۆناوچۆن
هاوتا ڕەنگەکەی  مانگ هەرەسی هێنا و مرد و نەما؟
نازانم باوکم دەیهەوێت چ بکات و ئاخرەکەی بەرەو کوێ بڕوات و
ئەم مانگیشە و......
ئەم خۆریشە و.....

ئەم کاکە شانە کە بریا قاوەیی بواتایێ
ووووووووووووووو
کوڕە هەی هووووووو........

هەر ئەوەم دەوێت
پشت لە هەموویان بکەم
و
لە ئامێزی تۆدا خەوم لێ بکەوێت.

## دارتەل و سێو

پیاوێك
لە چەشنی دارتەلێك
ڕاوەستاوە.

شەوێك
لە چاو دەلاقەیێك
هەڵپڕاوە.

ژنێك
لەسەر سێوێکی سوور
لە ژوورێکی ئەفسووناوی

سەما دەکا
سوورڕ دەخوا
شیبا لە تۆی پرچی درێژی
دیل دەکا.

هەناسەی داخی زاریان
زمزمەیێك
زمزمەیێك.

شەو درێژە و هەناسەکان بەردەوامن
دارتەلەکە
ماندوو دەبێ
دادەنیشێ.

شەو لە چاوی پەنجەرەکەدا دەپسێ
ژنە لەسەر سێوە سوورە
بەردەوامە و سەما دەکا
سوورڕ دەخوا.

سەمای پەنجەکانی
شیبا لە تۆی پرچی ڕەشی
ئازاد دەکا

هێدی
هێدی
هەناسەکان سارد دەبنەوە.

دارتەڵەکە لەسەر زەوین
ڕادەکشێ.

ڕوومەتی شەو دادەڕزێ
شیبا لە پڕ نامێنێت و
دارتەڵەکە خەو دەیگرێ.

ژنە هێشتا سەما دەکا
سووڕ دەخوا
سێوی سووری ئەو سەمایە
دادەتڵێشێ.

ژنە بەدەم زمزمەوە
سێوێکی تر هەڵدەبژێرێت.

جارێکی تر
دەست پێ دەکات
سەماییێکی ئەفسووناوی.

دارتەلەکە خەو دەبینێت.
ژنە بەدەم زمزمەوە،
سوورِ دەخوا
سەما دەکا.

دارتەلەکە بەدەم خەوە و
دەگری و لە پڕ پیران دەکا.

# تابلۆ

هەست دەکەم ئاوسم
دوێنێ.. نا.. پێرێ.. نا نا
پەس پێرێ مانگێکم بوو.

دوێنێ.. نا.. پێرێ
زاییم و
نەمامێکم هەبوو.

دوێنێ
پەلەوەرێکم بوو.

ئەمڕۆش
بڕوا بکە
ئەمڕۆش
هەر لە بەرەبەیانەوە
دەڵێی
لە خانووی دڵمدا
جل دەشۆن.

وا دڵم دێتە یەکدا
دەڵێی
ئەمڕۆش
دیسانەوە دەزێم.
بەشکەم وابێت و
ئەمڕۆش ڕووبارێکم ببێت.

## سەفەر

سەفەر
سەفەرم کردووە و
لە ئاکامی پێنجمێکی پڕ لە مانگدا
دەگەڕێمەوە.

لە درێژەی ئەو مانگەدا
سی جار
ژنێك دووپات دەبێتەوە.

پیاوێك
لە ئەم سەفەرەدا دەژیت.

پیاو

بەچپەوە

لە پەسا

پەیتا

پەیتا

دەڵێت:

– ″من حەزم لە مانگی پێنجمە″

– بەڵام

– نەك هەر ئەم سی ڕۆژە ئەستێرەیییە

– بەڵکو
– بەبێ شەرمییەوە
– بەتەواوی
– وەرزی هاوینیش ئینکار دەکات.

ئاوێنە
ئاوێنەکەم کەوتووەتە بەر کڵپەی ئاپۆرەیێك و
دەموچاوی قرچ و لۆچ بووە.

دایکم لە ئەم سێ ڕۆژەدا
بەردەوام گوتوویە:
″شێتە.....
شێت دەبێت
دەزانم ئاخرەکەی شێت دەبێت

زەمەن
زەمەنی ئاپۆڕەیە و
تۆ چ دەکەی بەرانبەر بە ئەم ئاوێنەیە؟″

سەفەر
سەفەرم کردووە
دایکم نازانێت ئاوێنەکەم پیر بووە

ئەم پیاوە
کە بەردەوام
سی رۆژە ئەستێرەیە کە ئینکار دەکات

دەڵێت:
″بەقەدەر
ناسکیی قامکە شمشێرییەکانت و
جوانییە بێ هاوتاکەت
تووی ئەوینی تۆم
لە دەشتی سینگمدا
کاڵیوە.″ و
هەم دیسان
پەیتا
پەیتا

بەچپەوە دەڵێت:
″حەزم لە ئەم ئەستێرەیە
ئەم ئەستێرە سی ڕۆژەیەم زۆرتر لە تۆ خۆش  دەوێت″

مست
مست لە ئەم ئاوێنەدا
واتە چی؟
مست
پیاوێکە
کە لە جیاتیی
بەختەوەریی
چاوەکانی ئاوێنەکەم کوێر دەکات.

چارم نییە و
دەبێت ئەم ئاپۆڕەیە
چار بکەم.

گۆڕ
گۆڕێکم هەڵکەندووە
دەمەوێت
تەرمێکی زیندووی تێیدا چاڵ بکەم.

تەرمەکە دەڵێت:
"بمبوورە
هەناسەکەم
تکایە بمبووریت
ئەگینا من شێت دەبم
سەرگەردان دەبم"

وست

وست

لێرەدا واتە:

بێدەنگ

بێدەنگ بەئەی تەرمەکە

تەرمەکان خۆ ناپارێنەوە

ئەمە زیندووەکانن

کە لە تەرمەکان دەپارێنەوە.

تەرم

تەرمێکی زیندووم پێیە.
حەزم لێی نییە لە چاڵی بنێم
نەك سی ڕۆژە ئەستێرەیەکان
بەڵکو بەتەواوی وەرزی پایزیشم لێی دێتە پاڕانەوە.

هەست
هەست لە ئەم چیرۆکەدا
واتە
کوێرکردنی حەزێکی مەزەن
لە دڵی
ژنێکی بێڕەحمدا.

گوێ نادەم و
تەرمە پڕ لە پاڕانەوەکە
لە چاڵ دەنێم و
خۆڵی بەسەردا دەپڕژێنم.

گریان

گریان هی تەرمێکی پڕ لە مانگ و
ژنێکی بێڕەحم و
وەرزێکی پڕ لە پایزە
کە
دڵۆپ
دڵۆپ
دەڕژێنە کەلێنەکانی گۆڕەکە و
ناهێڵێت دەنگی
پاڕانەوەی
تەرمە زیندووەکە
ببیسین.

## تۆ سێبەرێکی شیرینی

من بەردەوام
بیرت دەکەم.

چاوم لە چاوی پەنجەی دەستی ڕاستت
ڕاماوە.

گوێم لە سرتەسرتی پەنجەی دەستی چەپت
هەڵخستووە.

بزەم لە بزەی ڕوومەتت
بەرەو پێکەنین دەڕوات.

تۆ
پەلەوەر نیت.

تۆ
تەنیا
سێبەرێکی خۆش ئاو و ڕەنگی
کە شێتانە لە من دەگەڕێ.

## من و ئاوێنە و تۆ

با هەڵی کردووە
بای تەفرە و بێ بڕوایی
لە جەستە شووشەیەکەی مندا لوول دەخوات.

با دەلووریێنێت و دەڵێت:
ئەمن
لە ئەوپەڕی وەڵاتی تەفرەوە هەڵم کردووە
ئەمن
خاوەن هەزاران هەزار شەو و ڕۆژ و خوێن و مانگ و ئەستێرە و چاو و خۆر
و لێو و ماچ و عەشق و خەم و دڵ و قسەی جوانم

تۆ
چۆلەکەی بێ بایەخی وەڵاتی ڕاستییەکانی
من
لە ئان و ساتێکدا
بەرەو دەڤەری خۆم
پەلکێشت دەکەم
ئەمن
لەم
نزیکییەدام.

با
دەلوورێنێت و پەلکێشم دەکات.
دەستەکانم لە وردبووویندان و هەر چەن دەکەم
ناگەنە پیرەداری ولاتەکەم کە لە تۆ دەکات.

با دەڵێت:
دەترفێنم و لە بەرزترین چیای دەڤەری خۆمدا
بێدەنگ
بێدەنگ
هەڵت دەواسێم.

دەقیژێنم.
تۆ سەرت لێ دەشێوێت
بەهەڵەدا دەچیت
ئاوێنەکە
ڕێك بەرانبەر بەمن و با دادەمەزرێنیت.

با دەلورێنێت و بەرەو ناخی ئاوێنە پەلکێشم دەکات.
من و با
لە ناخی ئاوێنەکەی تۆدا دیل دەبین
دی ی ی ی ی ی ل
دی ی ی ی ی ی ل
دی ی ی ی ی ی ل دەبم.
لە ناخی با و ئاوێنەدا دیلم دەکەی.

تۆ دەگریت و سەیرمان دەکەیت.
با ڕەشتر هەڵدەگەڕێتەوە
بە هەموو شوێنێکی ئاوێنەدا پەلکێشم دەکات.

من
کە
چۆلەکەی
بچووکی دەڤەری
ڕاستییەکان بووم
ئێستاکە
لە ئامێزی بای تەفرە و ئاوێنەی ڕەشدا
دی ی ی ی ی ی ل
بوومە.

ئەتۆش
چۆلەکەی وڵاتی ڕاستییەکانی
بەسەر مندا تێر
تێر دەگریت
بەهێواشی باڵ لێ دەدەیت
هەڵدەفڕی بەرەو وڵاتی بچووکی ڕاستییەکان
من
بە
جێ
دەهێڵیت لە ئامێزی تەفرەوتووندا

## خەو

من
لەسەر جادەییێکی عەجیبەوە
دەسوڕێم و دەخزێم.

لەسەر
سەرمای هەستێکی زەریایەوە
لە قەراخێکی زستانییەوە
لە نزیکی

نزیکی وەسفێکی شینەوە
ڕاوەستاوم.
چارم نییە و دەبێت
گوێی
ئەم تاپۆ پەرۆش و چاوەڕیەم
بۆ
خەونێکی خز و گەرم و زەریایی
قوڵاخ بکەم
ئەگینا

سەرمای ئەم خەوە عەجیبە
بەگشتی
دەمبات.
لە ئەم خەوەدا
چاوم نییە
تاکو
موتوربە بووینی
نیگا و کرمە جادووییەکان و
بەردە داگیرساوەکانی ئەم قەراخەی
پێی ببینم.
دەستەکانم چاویان نییە و
ناتوانن
بەیەکداچوونی

قـامك و سەرمـای شەپۆلێکی زەریـایی
پێی ببینن.

هیچ کام لە ئەندامەکانی من
چـاویـان نییە لە ئەم خەوەدا
تـاکو
ئـاپۆڕەکانی ئەم قەراخە سەرسووڕهێنەرە
بـاش بـاش ببینن.
من

لە ئەم خەوەدا
ئاکامم نییە و
تەنیا هەستێکی هەتاهەتایم کە
بڕیارم داوەتە هەموو ڕەنگێك.

لە تەنیشتی
زەریاییێکی ڕۆژهەڵاتییەوە
ڕاوەستاوم و
سوژدە دەبەم بۆ تاپوە بەستزمانەکەی خۆم
کە سەردەمانێکە ویستی لێی بڕاوە و دەڵێی مردوویێکی ئێگجار زیندووە.

بەدزییەوە
سێبەرێك
دەبەخشمە دەنگی ئەم تاپۆەم.

لە ئەم خەوەدا،
تەنیا دەنگم سێبەری هەیە و بەس.

سێبەری دەنگم
بەهێواشی

دەخزێنمە سەر هەموو شتێکەوە.
من
لە ڕاستیدا
لە ئەم خەوە عەجیبەدا
چ دەکەم
لە قەراخێکی شیناویی ئەم زەریایەدا
لە چاوەڕوانی کێدام
لە ئەم خەوەدا
لە پڕ

هەست بەگەرماییەکی زستانی دەکەم
سەیری لای چەپی خۆم دەکەم
بە پەشۆکاوییەوە تێ دەگەم
کە
من
هەر
لە سەرەتاوە
دەستم نەبووە
قاچیشم نەبووە.
تێ گەیشتم کە من
بەدەستەکانم
هەڵنەفڕیوم

هیچ کات.
بەقاچەکانم
نەسووڕاومەتەوە
هیچ کات.
من
لە ئەم خەوەدا
نەك هەر چاوم نەبوو
بەڵکو

نیوەی جەستە ئاوڕەنگییەکەشم
نەمابوو
دەمێك بوو نەمابوو
ون بووبوو
نەمدەزانی کەی.
لەم خەوەدا
ڕاوەستا بووم و
چاوەڕێ

دەستێك لە فڕیندا
قاچێك لە سووڕاندا
چاوێك لە بینیندا
بووم.
من
لە تەنیشتی زەریاییێکی خەو ئاڵوودەوە ڕاوەستا بووم
بەڵکو
کەسێك بێت و ئەو سەرمایە کە پڕاوپڕ بوو لە
ڕەوایەت و
ڕاز و
ڕەهەند و
حەسرەت و
خەم و عەشق
ڕاو بنێت
تاکو

من خۆشەوە ببم.
سێبەرەکەی دەنگم
ئەمانەی دەگوت لە ئەم خەوە عەجیبەدا و ئەوانەکە
پچڕپچڕ و دیار و نادیار
بەقیژەقیژ و قێڕە و هەرا
بەهەڵبەز و دابەزەوە
هەوڵیان دەدا
بەڵکو لە من تێ بگەن،
تێ نەدەگەیشتن.
سێبەری دەنگم
ئەمانەی دەگوت لە ئەم خەوەدا و
من

لە ئەم قەراخەدا
هەر چەند کە
سوورڕم دەخوارد و هەڵدەفڕیم
ئەوان هەر چەند کە زۆریان هەوڵ دا
بەڵام قەت
تێنەگەیشتن.

## پێرست

ژن مرۆڤێکی پڕ لە فڕینە ..... ٥
پیاسە ..... ١٩
سپی ..... ٢٢
ماسی و من ..... ٣٦
لە ئەم نزیکییەدا ..... ٤٠
خۆزگە ..... ٤٣
ڕەهەندێك لە با ..... ٤٥
نهێنییەکانی ژنێکی زەوینی و ئاسمانی تەفرە ..... ٥٧
کێ ڕابردووی لە مندا کوشت؟ ..... ٦٨
باوکم ئێستاش هەموو شتێك لە وێنەی پێشتر دەبینێت ..... ٧٢
دارتەل و سێو ..... ٧٨
تابلۆ ..... ٨٥
سەفەر ..... ٨٨
تۆ سێبەرێکی شیرینی ..... ١٠١
من و ئاوێنە و تۆ ..... ١٠٣
خەو ..... ١١٠